Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# توانستەکانی پەرەپێدانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە شاری هەڵەبجە (مۆنۆمنێتی شەهیدان بە نموونە)

**م.د. شەماڵ علی مارف**
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی بازرگانی
shamal.marif@univsul.edu.iq

**م.د. کامران محمد تۆفیق**
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
kamaran.mohammed@garmian.edu.krd

## پوختە:

«گەشتوگوزاریی تاریك» وەکو جۆرێکی نوێی گەشتوگوزار لەم سێ دەیەی دواییدا پەرەیسەندووە و لە جیهاندا هەوادارێکی زۆری هەیە، بریتییە لە گەشتکردن بۆ ئەو ناوچانەی پاکتاوی نەژادیی و جینۆساید و کارەساتی سرووشتیی و مرۆیی تیایاندا روویداوە، کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاوەوە لەدوای دووەم جەنگی جیهانیی بە یەکێك لە تراژیدیترین جینۆساید دائەنرێت، کە بەهۆیەوە ٥ هەزار کەس شەهید بوون و ١٠ هەزار کەس بریندار بوون، چەندین کەسی تریش بێسەروشوێن بوون، مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە شاهیدی گێرانەوەی ئەو کارەساتەیە کە بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هاتووە، گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بوون یان نەبوونی چالاکییەکانی گەشتوگوزاریی تاریك لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دانراوە، لەبەر پێویستی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە میتۆدەکانی (وەصفیی، شیکاریی) بەکارهاتووە، زیاتر لە ٣٩ سەرچاوەی ناوخۆیی و بیانیی و بەڵگەنامەی حوکومیی و چەندین نەخشە و خشتە و شێوە و وێنە بەئامانجی گەیشتن بە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتوون، لە کۆتاییدا بە سوودوەرگرتن لەو داتا و زانیارییانەی لە مۆنۆمێنتی شەهیدان بەدەستهاتوون توێژینەوەکە دەریخستووە ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی مۆنۆمێنتەکە ئەکەن بە تێکرا سالانە ئەگاتە ١٠٠ هەزار گەشتیار، بە رێژەی گەشەی ١٣،٦٢٪ سالانە.

**کلییلە وشەکان: «گەشتوگوزاریی تاریك»، هەڵەبجە، کیمیاباران، چەکی کۆکوژیی، مۆنۆمێنتی شەهیدان، پاکتاوی نەژادیی.**

Recieved: 18/8/2024
Accepted: 3/9/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

«گەشتوگوزاریی تاریك» یان «گەشتوگوزاریی رەش» لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە هەوادارێکی زۆری پەیداکردووە، خۆی ئەبینێتەوە لە سەردانکردنی شوێنی رووداني جینۆساید و کارەساتە سرووشتیی و مرۆییەکان، کە بەهۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بوون بە قوربانیی، لە سەردەمی ئێستادا سەرنجی ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی جیهان لەسەر سازدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزارە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر رووداني رووداو و کارەساتەکان بەشێوەیەکی گشتیی، ئەمەش کاریگەریی ئەکاتە سەر راکێشانی سەرنجی خەڵك (گەشتیار) بە ئاراستەی شوێنی رووداو و پێکدادانەکان، لە ئەنجامدا خواست لەسەر سەردانکردنی ئەم ناوچانە بەرزئەبێتەوە، لێرەوە ئەتوانین بگەینە ئەو راستییەی کە بلێین گەشتوگوزاریی تاریك یەکێکە لە تەرزە نوێیە گەشەسەندووە پر لە گرفتەکان لە بازاری گەشتوگوزاری جیهاندا، لە نموونەی ئەو گرفتانەی کە رووبەرووی گەشتیارانی گەشتوگوزاریی تاریك ئەبنەوە (مەترسیی دووبارەبوونەوەی رووداوەکان، تەقینەوەی بۆمب و مینی چێندراو، سەرهەڵدانەوەی گرووپی خوێنرێژ و تۆقێنەر،...هتد).(Asabi, 2015, 3-4.) .

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (توانستەکانی پەرەپێدانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لەشاری هەڵەبجە (مۆنۆمنێتی شەهیدان بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ناوچەکە وەکو یەکێك لەو پێگانەی لە جیهاندا کارەساتی پاکتاوی نەژادیی تیایاندا روویداوە و لە ئێستادا بەهۆی بوونی مۆنۆمێنتی شەهیدان کە لە چەندین بەش و هۆڵی جیاواز پێکهاتووە گەشتیاران ئەتوانن وەکو پێگەیەکی گرنگی کردنی گەشتوگوزاریی تاریك سەردانی بکەن و لە نزیکەوە چاویان بەو تراژیدیایە بکەوێت کە لە شارەکەدا روویداوە.

**کێشەی توێژینەوە: «گەشتوگوزاریی تاریك»لەسەردەمی ئێستادا بە یەکێك لە تەرزە نوێیەکانی گەشتوگوزار دائەنرێت، لەسەر ئەم بنەمایە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوەدا ئەبینێتەوە:**

١. ناوچەکە کارەساتی مرۆیی و سروشتیی وای تێدایە بتوانرێت بکرێت بە گەشتوگوزاریی تاریك؟
٢. ئەکرێت ئەم جۆرەی گەشتوگوزار هاوشانی چالاکییە گەشتیارییەکانی تر لەناوچەی لێکۆڵینەوە جێ بەجێ بکرێت؟

**گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی ئەبینێتەوە لە:**

١. شیکردنەوەی تایبەتمەندیی «گەشتوگوزاریی تاریك»و ئاشناکردنی خوێنەران بە گرنگترین شوێنەکانی بەجێهێنانی ئەم چالاکییە لە جیهان و ناوچەی لێکۆڵینەوەیشدا.
٢. دەرخستنی قەبارەی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە هەڵەبجەدا.
٣. هەوڵێکە بۆ ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەروانگەی گەشتوگوزارەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١. هاندانی گەشتیاران بۆ کردنی «گەشتوگوزاریی تاریك» هاوشێوەی جۆرەکانی تری گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا.

٢. راکێشانی ئەو گەشتیارانەی بۆ هەر مەبەستێکی تری گەشتیاریی سەردانی هەڵەبجە ئەکەن تا سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدان بکەن و ببن بە سەرچاوەیەك بۆ راکێشانی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیار لە دوای خۆیان.

٣. ناساندنی توانستەکانی پەرەپێدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، کە پێکدێت لە ئاشناکردنی گەشتیاران بە پێکهاتەکانی مۆنۆمێنتی شەهیدان و تواناکانی لە پێشوازیکردن لە گەشتیاراندا.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەصفیی بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و چوارچێوەی گشتی «گەشتوگوزاریی تاریك»بەکارهاتووە، میتۆدی شیکاریی بۆ شیکارکردنی ئەو داتاو زانیارییانەی لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و مۆنۆمێنتی شەهیدان و ژمارەی سەردانکەرانی مۆنۆمێنتەکە بەکارهاتووە.

### گریمانەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای دوو گریمانەی سەرەکی کراوە.

١. بوونی توانستەکانی گەشتوگوزاریی تاریك بەتایبەت توانستە مرۆییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەکەوەدا.

٢. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە نەبووەتە هۆی ئەوەی ناوچەکە ببێتە ناوەندێکی پێشوازیکردن لە ئارەزوومەندانی گەشتوگوزاریی تاریك.

لەسەر بنەمای پێویستیی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ سێ باسی سەرەکیی دابەشکراون، بەشێوەیەك باسی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە باسی دووەمدا چوارچێوەی مێژوویی و چەمك و مانا و پێناسە و گرنگیی «گەشتوگوزاریی تاریك»خراوەتەروو و،باسی سێیەم تایبەتە بە جینۆسایدی هەڵەبجە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی «گەشتوگوزاریی تاریك» لەشارەکەدا.

# باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

## یەکەم: شوێنی جوگرافیی شاری هەڵەبجە:

ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، بە دووریی ٨٤ کم ئەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی سەنتەری پارێزگای سلێمانییەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)، لەروی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە شارەکە ئەکەوێتە سەر بازنەی پانیی (٣٥,٠٨,٥٨) و (٣٥,١٢,٤٥)ی باکوور، ئەم پێگەیەی بەپێی بازنەکانی پانیی وائەکات ئاووهەوایەکی مامناوەندیی هەبێت، کە هەمان ئاووهەوای

هەرێمە ئاو و هەواییەکانی دەریای ناوەراستە، کە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی سارد و باراناوییە، لەهەمان کاتدا ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەکەوێتە سەر هێڵی درێژیی (٤٥،٠١،٥١) و (٤٥،٥٧،٥٥)ی رۆژهەڵات (حمەعلی، ٢٠٢٣، ٩)، بروانە نەخشەی ژمارە (٢).

نەخشەی ١

شوێنی شاری هەڵەبجە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٢




سەرچاوە: توێژەر بەپشتبەستن بە: حمە علی، هەردی عبدالرحمن، ( ٢٠٢٣)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی (تەندرووستیی و خۆشگوزەرانی و ئاینیی) لەشاری هەڵەبجە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ل١٠.

## دووەم: ئاو و هەوا:

مەبەست لەسەرجەم رەگەزەکانی ئاووهەوایە، کە لە تیشکی خۆر و پلەی گەرمی و شێ و داباربن و بایەکان پێك دێت.

١- پلەی گەرمی: لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاوشێوەی هەرێمە ئاو و هەواییەکانی دەریای ناوەراست بە روونیی چوار وەرزەکەی ساڵ بەدی ئەکرێت، بەشێوەیەك لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمیی بەرزئەبێتەوە بۆ بەرزترین ئاست و لە وەرزی زستاندا نزمترین تێکراکانی پلەی گەرمیی تۆمار ئەکرێن، بروانە خشتەی ژمارە (١).

خشتەی ١

تێکرای پلەی گەرمیی مانگانە و ساڵانە لە شاری هەڵەبجەدا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠٢٢

| مانگ | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | ت. ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ.گەرمی | ٧,٣ | ٩,٩ | ١٤,١ | ١٩,٤ | ٢٦ | ٣١,٩ | ٣٤,٦ | ٣٣,٤ | ٢٩ | ٢٢ | ١٣,٨ | ٩,٦ | ٢٠,٩٧ |

سەرچاوە: توێژەر بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵیی هەڵەبجە، ویستگەی کەشناسیی هەڵەبجە، ٢٠١٠-٢٠٢٢.

ئەگەر سەیری داتاکانی خشتەی ژمارە ١ بکەین ئەبینین:

١. نزمترین تێکراکانی پلەی گەرمیی لە وەرزی زستاندا تۆمارکراون، بەشێوەیەك لە مانگی کانونی دووەمدا تێکرای پلەی گەرمیی بەتەنها ٧,٣ پلە بووە، لەکاتێکدا بەرزترین تێکراکانی پلەی گەرمیی لە مانگی تەمووزدا بووە و برەکەی گەشتووەتە ٣٤,٦ پلەی سەدیی، شێوەی ژمارە (١).

٢. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تێکراکانی پلەی گەرمیی وەرزی زستان و هاویندا بەدی ئەکرێت بەشێوەیەك ئەگاتە زیاتر لە ٢٧ پلەی سەدیی، بەهۆی ئەوەی ئاو و هەوای ناوچەکە کیشوەرییە.

نەخشەی ٢

پێگەی ئەسترۆنۆمی شاری هەڵەبجە لە ٢٠٢٢ دا



سەرچاوە: توێژەر بەپشتبەستن بە: حمە علی، هەردی عبدالرحمن، (٢٠٢٣)، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی (تەندروستیی و خۆشگوزەرانیی و ئاینیی) لەشاری هەڵەبجە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کرلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ل ١١.

شێوەی ١

تێکرای پلەی گەرمیی مانگانە لە شاری هەڵەبجەدا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠٢٢




سەرچاوە: توێژەر بەپشتبەستن بە خشتەی ١.

٢- داباریین:

مەبەست لە سەرجەم جۆرەکانی باران و بەفر و تەرزە و شەونم و ئاورنگە، بەشێوەیەکی گشتیی سیستەمی داباریین لەشاری هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەریدا هەمان سیستەمی داباریینە لە هەرێمە ئاووهەواییەکانی دەریای ناوەراستدا، کە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی سارد و باراناوییە (هەورامانی، ٢٠١٧، ٦٢)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی ٢

تێکرای ساڵانە و مانگانەی باران باریین لە شاری هەڵەبجەدا بە ملم لە نێوان ٢٠١٠-٢٠٢٢

| مانگ | ک٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | ت.ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت.مانگانە | ٩٧,٩ | ٩٧,٥ | ١٠٠,٩ | ٧٥,٤ | ٣٠,٩ | ٠,٢ | ٠ | ٠ | ٠,٢ | ٤١,٦ | ٨٧,٦ | ١٠٨,٤ | ٦٤٠,٦ |

سەرچاوە: توێژەر بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان،

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵیی هەڵەبجە، ویستگەی کەشناسیی هەڵەبجە، ٢٠١٠-.٢٠٢٢

ئەگەر سەیری داتاکانی خشتەی ژمارە ٢ بکەین ئەبینین:

١. ڕێژەی ٤٧,٤٪ ی کۆی بارانی ساڵانە ئەکەوێتە مانگەکانی وەرزی زستانەوە، هەروەها ڕێژەی ٣٢,٣٪ ی ئەکەوێتە مانگەکانی وەرزی بەهار و ڕێژەی ٢٠,٢٪ ی ئەکەوێتە وەرزی پاییزەوە.
٢. مانگەکانی وەرزی هاوین وشك و بێ باران و بە تێکرا ساڵانە ٠,٢ ملم بارانیان لێ ئەبارێت.
٣. کۆی بارانی ساڵانە لە شاری هەڵەبجەدا ئەگاتە ٦٤٠,٦م ملم، بڕوانە شێوەی ژمارە (٢)، بەمەش ناوچەکە ئەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر لەڕووی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە، چونکە بڕی بارانی ساڵانەی زیاترە لە ٥٠٠ ملم.

شێوەی ٢

تێکرای ساڵانە و مانگانەی باران بارین لە شاری هەڵەبجەدا بە ملم لە نێوان ٢٠١٠-٢٠٢٢




سەرچاوە: توێژەر بەپشتبەستن بە خشتەی ٢.

سێیەم: دانیشتوان:

هاوشێوەی هەر ناوچەیەکی تری جیهان ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەهۆی دیاردەی کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شارەکە و لەدایکبوونەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەستکەوتوون لە ساڵی ١٨٩٥ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە نزیکەی ٣ هەزار کەس بووە (سامی، ٢٠١٠، ٣٠١)، دواتر بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ دا کردوویەتی ژمارەی دانیشتوان بۆ ٦٥٠٩ کەس بەرزبووەتەوە (حمەعلی، ٢٠٢٣، ٢٤-٢٥)، لەساڵی ١٩٥٧ دا ژمارەی دانیشتوان بۆ ٧٤٠٦ کەس و لە ١٩٧٧ بۆ ٢٢٤١١ کەس بەرزبووەتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە ()٣.

خشتەی ٣

ژمارە و گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەراورد بە دانیشتوانی قەزا(پارێزگا)ی هەڵەبجە لە ١٩٧٧-٢٠٢٢

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە | ژمارەی دانیشتوانی قەزا(پارێزگا)ی هەڵەبجە | ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی شار بەرامبەر دانیشتوانی پارێزگاکە | گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە | | گەشەی ساڵانەی پارێزگای هەڵەبجە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٢٢٤١١ | ٩١٩٣٩ | ٢٤,٣٪ | ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٥,١ | ٢,٢ |
| ١٩٨٧ | ٣٧٠٣٩ | ١١٥٢٩٩ | ٣٢,١٪ | ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٠,٩ | ٢,٠٧- |
| ٢٠٠٢ | ٤٢٩٤٣ | ٨٤٢٧٣ | ٥٠,٩٪ | ٢٠٠٢-٢٠٢٢ | ٣,٨ | ٢,٣ |
| ٢٠٢٢ | ٨١٨٩١ | ١٣٣٧٦٥ | ٦١,٢٪ | ١٩٧٧-٢٠٢٢ | ٢,٩ | ٠,٨ |

سەرچاوە: توێژەر بەپشتبەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری هەڵەبجە،داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

٢. هەردی عبدالرحمن حمەعلی، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی ( تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاینیی) لەشاری هەڵەبجە،تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ٢٧.

- لە داتاکانی خشتەی ژمارە ٣ دا ئەتوانین تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١. لەساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها ڕێژەی ٢٤,٣٪ ی کۆی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجەی پێکهێناوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی ٢٠٢٢ بۆ ٦١,٢٪ بەرزبووەتەوە.

٢. گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ١٩٧٧-١٩٨٧ بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە و گەشتووەتە ٥,١٪، لەهەمان کاتدا نزمترین ڕێژەی گەشە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧-٢٠٠٢ تۆمارکراوە، کە برەکەی ٠,٩٪ بووە، ئەویش بە فاکتەری بۆمبارانیی شارەکە و کیمیاباران و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی و سەپاندنیی قەدەغەی نیشتەجێبوون لە ناوچەکەدا لەلایەن ڕژێمی بەعسی روخاوەوە تا ساڵی ١٩٩١، لەدوای ئەم بەروارەیش ناوچەکە بوو بە گۆڕەپانی ململانێ و شەری ناوخۆی حیزبەکانی کوردستان، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق وردە وردە دەستی ئاوەدانیی و خزمەتگوزاریی گەیشتە ناوچەکە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ و باشبونیی بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی قەزای هەڵەبجەی ئەوکات و پارێزگای ئێستا لە کەرتی میرییدا وەکو فەرمانبەری شارستانیی و ئەندامی هێزە ئەمنییەکان دامەزران، بەمەیش لێشاوی کۆچ لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان دەستی پێکرد، بۆیە ئەبینین لەماوەی نێوان ٢٠٠٢-٢٠٢٢ گەشەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجەدا بۆ ٣,٨٪ بەرزبووەتەوە.

٣. گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە کە لە ئێستادا ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەیە بەراورد بە گەشەی

دانیشـتوانی قـەزای جـاران و پارێـزگای ئێسـتا لـە سـەرجەم سـەرژمێرییەکاندا بـەردەوام زیاتـر بـووە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٨٧-٢٠٠٢ گەشـەی دانیشـتوانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە ٠,٩٪ بـووە بـەڵام گەشـەی دانیشـتوانی قەزاکـە نەرێنیـی بـووە کـە برەکـەی(-٢,٠٧٪) بـووە، هەروەهـا گەشـەی دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجـە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٧٧-٢٠٢٢ گەشـتووەتە ٢,٩٪ بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتیی گەشـەی دانیشـتوانی پارێزگاکـە سسـت بـووە و لـە ٠,٨٪ تێنەپەریـوە.

## باسی دووەم : «گەشتوگوزاریی تاریک» (Dark Tourism) :

### یەکەم : کورتەیەکی مێژوویی:

«گەشـتوگوزاریی تاریـك» چالاکییەکـی نـوێ نییـە، بەدرێژایـی مێـژووو شـوێنی رووداو و کارەسـاتە دڵتەزێنـەکان بەتایبـەت ئەوانـەی بەشـێوەی راسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە مـردن و تـرس و تۆقاندنـەوە هەبـووە سـەرنجی ژمارەیـەك لـە خەڵـك و گەریدەکانیـان بـەلای خۆیانـدا راکێشـاوە، بـۆ نموونـە شـوێنی پێکدادانـی گلادیاتـۆرە رۆمانییـەکان، ئامادەبـوون لـە شـوێنی جێبەجێکردنـی سـزای لەسـێدارەدانی ئاشـکرا....هتد، بـەڵام بەشـێوەیەکی رێکخـراو، کەمەبەسـت لێـی یەکێـك لـە ئامانجـە گەشـتیارییەکان بێـت مێژووەکـەی بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ئەگەرێتـەوە.

لەسـەردەمی هاوچەرخیشـدا یەکەمیـن چالاکـی کـە بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرەی گەشـتوگوزار جێبەجـێ کرابێـت، بریتیـی بـوو لـە رێکخسـتنی گەشـتێك لـە سـاڵی ١٨٣٨ لـە بەریتانیـا بـە شـەمەندەفەر، بەمەبەسـتی ئامادەبـوون لـە مەراسـیمی جێبەجێکردنـی سـزای لەسـێدارەدانی دوو بکـوژ، سـەردانی مـەسرەح (شـانۆکان) دیاردەیەکـی بـاوی گەشـتەکانی سـەدەی نـۆزدە بـوو لـە پاریـس، کـە دەیـان هـەزار گەشـتیاری بۆخـۆی رائەکێشـا، لەسـەدەی بیسـتەمدا زۆرتریـن گەشـتیار سـەردانی ئـەو ناوچانەیـان ئەکـرد کـە بـە پاشـماوەی جەنـگ ئەژمـار ئەکـران و پەیوەندییـان بـۆ مردنـی بەکۆمەڵـەوە هەبوو.(نجـاة، ٢٠١٩، ٢٩).

سـەرەرای رەگـی مێژوویـی ئـەو چالاکییانـەی کـە ئەتوانرێـت لـە چوارچێـوەی «گەشـتوگوزاریی تاریـك» پۆلێـن بکرێـن، بـەڵام تـا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم نەبووبوویـە جێگـەی بایـەخ و گرنگیپێدانـی شـارەزایان و پسـپۆران و چەندیـن نـاوی جیـاواز بـۆ ئـەو چالاکییانـە کـە پەیوەندییـان بـە گەشـتوگوزاریی تاریکـەوە هەبـوو بەکارئەهـات، وەك گەشـتوگوزاریی ( تاریـك، ترسـناك، شـوێنە رەشـەکان، کـردە قێزەونـەکان.... هتـد)، دوای ئـەوە گرنگییـدان بـە لێکۆڵینـەوە لـە هەندێـك لـە روخسـارەکانی «گەشـتوگوزاریی تاریـك» دەسـتی پێکـرد، وەك کردنـەوەی ژمارەیـەك مۆزەخانـەی جەنگیـی، کـە پشـتی بـە نمایشـکردنی تەکنیکـی جەنگـی ناوچەیـی و ئـەو کەرەسـتەو ئامێرانـە ئەبەسـت کـە رۆڵیـان هەبـووە لـە جینۆسـاید و کوشـتنی بەکۆمەڵـدا، پاڵنـەری سـەرەکیی ئـەو گەشـتیارانەی سـەردانی ئـەم مۆزەخانانەیـان ئەکـرد بریتـی بـوو لـە گـەران بـە دوای ناسـنامەی کۆمەڵایەتیـی ئەوانـەی کـە کۆمەڵکـوژ کـراون لـەو ناوچانـەی کـردەی دەمارگیریـی تیایانـدا روویـداوە، لەگـەڵ ئاشـنابوون بەشـێوازی کردنـی کـردە کۆمەڵکوژییـەکان و دەربرینـی هاوخەمیـی بـۆ کـەس و کار و بنەماڵـەی قوربانییـان.(Michalcikova, 2014,7.).

کارەسـاتی گرگرتنـی کەشـتی(SS Morro Castle) ی ئەمریکیـی لـە ١٩٣٤/٩/٨ کـە لـە هاڤانـاوە بـۆ نیـۆرك بەرێـوە

بوو، بوو بەهۆی سوتانیی ٥٤٩ کەس لە سەرنشینەکانی، دواتر دیاردەی گەشتیی بەکۆمەڵی بۆ سەردانکردنی شوێنی سوتانی کەشتییەکە هێنایە کایەوە، لەو سەردەمەدا ساڵانە نزیکەی ٢٥٠ هەزار گەشتیار لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەری نیۆرك و فلادلفیا گەشتیی تاریکیان بۆ ئەم پێگەیە ئەنجام ئەدا.(Kalafus, 2020,)

لەگەڵ ئەوەی گرنگیدان بە ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە کارەسات و دیاردەکانی توندووتیژیی و مردنی بەکۆمەڵ دیاردەی کۆنن بە ئەندازەی خودی گەشتوگوزار، بەڵام گرنگیپێداني ئەکادیمیی بە «گەشتوگوزاریی تاریك» ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم سێ دەیەی کۆتایی، کە تیایدا چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە بۆ هەڵسەنگاندن و دەرخستی پرەنسیپ و بنەماکانی دەرکران، وەك گۆڤاری نێودەوڵەتیی بۆ لێکۆڵینەوەی کەلەپووریی the international journal of heritage studies لە ساڵی ١٩٩٥، دامەزراندنی پەیمانگای «گەشتوگوزاریی تاریك» لە زانکۆی لانکشایەری ناوەندیی central Lancashire لە بریستۆن Preston لە ساڵی ٢٠١٢ دا(Lennon, 2017) ،

لەساڵی ١٩٩٣ بۆیەکەمجارRojek زاراوەی شوێنە ڕەشەکان و بەبازارکردنی گەشتیاریی بۆ ئەو شوێنانەی کە کردەی پاکتاوی ڕەگەزیی و جینۆساید تیایاندا کراوە، بەکارهێناوە و بە فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیاریی پێناسەی کردوون (نجاة، ٢٠١٩، ٣١)، دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ فولای و لینۆن Foley and Lennon لە یەکێك لە نوسینەکانیاندا زاراوەی «گەشتوگوزاریی تاریك» Dark Tourism یان بەکارهێناوە و دواتر پەرەیان پێداوە و بەشێوازی نوێ پێناسەیان بۆ کردووەتەوە، لە کتێبەکەیاندا کە لەساڵی ٢٠٠٠ چاپیانکردووە بەیەکێك لە جۆرەکانی گەشتوگوزاریی سەردەم ناساندوو یانە.(Lennon,2017)

بەپێی دەرەنجامی ئەو توێژینەوانەی لەسەر تەرزە نوێیەکانی گەشتوگوزار ئەنجامدراون «گەشتوگوزاریی تاریك» بەردەوام لەگەشەکردندایە، یەکێك لەو توێژینەوانەی لەسەر ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنیی تایبەت بە گەشتوگوزار کراوە ئەیسەلمێنیت سەردانکردنی گەشتیاران بۆ ناوەندەکانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٠ هوە تا دەیەی سێیەمی سەدەی بیست و یەکەم بەتێکرا ساڵانە دوو هێندە زیاد ئەکات، لە نێوان ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٧ گەڕان لە ماڵپەری ئەلکترۆنیی گوگڵ تایبەت بە کارەساتی تەقینەوەی کێڵگەی ئەتۆمیی چێرنۆبڵ بە ڕێژەی ٧٠٪ زیادی کردووە، سەردانی گەشتیاران بۆ کێڵگەی مردن لە کەمبۆدیا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٧ بەتێکرا ٨٠٠ گەشتیار بووە لە ڕۆژێکدا ( البداري، ٢٠٢٢، ٢٥٦).

لەم دواییانەدا بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەبازارکردنی گەشتیارییەوە، چەندین کەس سەردانکردنی شوێنی ڕوودانی کارەسات و کوشتنی بەکۆمەڵ و جینۆسایدەکانیان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی دارایی بەکارهێناوە، بۆ نموونە جوتیارێکی ئەمریکیی لە پەنسلڤانیا بری ٦٥ دۆلاری لەو گەشتیارانە وەرئەگرت کە سەردانی شوێنی کەوتنەخوارەوەی یەکێك لە فڕۆکەکانی کارەساتی ١١ی سێپتێمبەریان ئەکرد لەناو کێڵگەکەیدا (نجاة، ٢٠١٩، ٣٣).

## دووەم : چەمك و مانا و پێناسەی «گەشتوگوزاریی تاریك»:

«گەشتوگوزاریی تاریك» بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن زانایان مالکۆم فولی و جۆن لینۆن بە سەردانکردنی ئەو ناوچانەی پەیوەستن بە مردن وەك شوێنی لەسێدارەدان و سەربازگەکانیی دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ و سزادان و شوێنی ڕوودانی کارەساتە سروشتیی و مرۆییەکان و هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن

بـە مـردن و تـرس و تۆقاندنـەوە پێناسـەكراوە (خطـاب، ٢، ٢٠١٨).

هەندێكـی تـر «گەشـتوگوزاریی تاریـك» بـە جۆرێكـی تایبـەت لـە جۆرەكانـی گەشـتوگوزار پێناسـە ئەكـەن، ئەڵێـن پێكدێـت لـە گەشـتكردن بـۆ ئـەو ناوچانـەی كـە كارەسـاتی ترسـناك و دڵتەزێـن تیایانـدا روویـداوە,Juranovic) (2020, 1، لەلایەكـی تـرەوە «گەشـتوگوزاریی تاریـك» بەچوونـەدەرەوە بـۆ ناوچەیەكـی جیـاواز لـە ژینگـەی نیشـتەجێبوونی هەمیشـەیی گەشـتیار پێناسـە كـراوە، كـە شـوێنی كردنـی ئـەو كردانـەن پەیوەندییـان بـە مردنـی بەكۆمـەڵ و تـرس و تۆقانـدن و جینۆسـاید و كارەسـاتە مرۆییەكانـەوە هەیـە.(Michalcikova, 2014, 3)

ئەتوانیـن «گەشـتوگوزاریی تاریـك» بـە چالاكییـەك پێناسـە بكەیـن كـە هەڵئەسـێت بـە گواسـتنەوەی تـاك بـۆ ماوەیەكـی كاتیـی لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی خـۆی بـۆ ناوچەیـەك كـە یەكێـك یـان زیاتـر لـە كردەكانـی تـرس و تۆقانـدن و مردنـی بەكۆمـەڵ و جینۆسـاید و سـزادانیی بەكۆمـەڵ و لەسـێدارەدان یـان كارەسـاتی سرووشـتیی وەك زەمیـن لـەرزە و بـوركان و لافـاو و رۆچوونـی خـاك..... هتـد، تیایـدا روویدابێـت، یـان ئەتوانیـن بلێیـن بریتییـە لـە حـەزو خولیـای گەشـتیار بـۆ سـەردانكردنی ئـەو ناوچانـەی كـە بـە شـوێنی مـردن نـاسراون بەئامانجـی جۆراوجـۆری وەك، كۆكردنـەوەی زانیاریـی یـان دەربرینـی هاوخەمیـی بـۆ كەسـوكاری قوربانییـان.(Robinson, 2015, 13)

## سێیەم : گرنگیی «گەشتوگوزاریی تاریك»:

گەشـتوگوزار بـە یەكێـك لـە كەرتـە ئابورییـە گرنگـەكان دائەنرێـت، لەسـاڵی ٢٠٢١ دا رێـژەی ١٠,٥٨٪ ی هەلـی كارەكانـی جیهانـی پێكهێنـاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە رێـژەی ٤,٥٪ بەشـداری ئـەكات لـە كـۆی وەبەرهێنانەكانـی جیهانـدا، ئەمـە وای كـردووە زۆر لـە دەوڵەتانـی جیهـان بـە گرنگییـەوە پـلان بـۆ پەرەپێدانـی ئـەم كەرتـە ئابوورییـە دابنێـن( مـارف ،٢٠٢٤ ،٢٥-٢٩).

١. گرنگیـی ئابووریـی: «گەشـتوگوزاریی تاریـك» سـوودێكی ئابووریـی گـەورە بـەو ناوچـە و دەوڵەتانـە ئەگەیەنێـت كـە خاوەنـی توانسـتەكانی گەشـتوگوزاریی تاریكـن، بەشـێوەیەك گەشـتیار لەكاتـی سـەردانكردنی شـوێنی تایبـەت بـە جێبەجێكردنـی چالاكییەكانـی «گەشـتوگوزاریی تاریـك» پێویسـتە بـۆ چوونـە ژوورەوە بڕێـك پـارە بـدات، لەگـەڵ ئـەوەی بـۆ پڕكردنـەوەی پێداویسـتییە گەشـتیارییەكانی تـر بڕێـك پـارە خـەرج ئـەكات، بەپێـی هەندێـك ئامـاژە رێـژەی ٧٪ ی كـۆی داهاتـی گەشـتیاریی لـەو چالاكییانـەوە سـەرچاوە ئەگرێـت كـە دەچنـە چوارچێـوەی گەشـتوگوزاریی تاریكـەوە.
٢. گرنگیـی خۆشـگوزەرانی و حەوانـەوە: لەپـاڵ گرنگیـی ئابووریـدا هەندێـك لـە جۆرەكانـی «گەشـتوگوزاریی تاریـك» بـە كارگـەی خۆشـگوزەرانیی تاریك Dark Fun Factories دائەنرێـن، زیندانـە تاریكـەكان و شـوێنی حەوانـەوەی تاریـك و مـات جێگـەی بایەخـی هەندێـك لـە گەشـتیارانن و بـۆ حەوانـەوە و كاتبەسـەربردن سـەردانی ئەكـەن، بەشـێك لـەو زیندانانـەی لـە كۆنـدا شـوێنی ئـازار و ئەشـكەنجەی قورسـیی زیندانییـان بـوون لـە ئێسـتادا كـراون بـە مۆزەخانـە و گەشـتیاران بـۆ چێـژ و خۆشـیی سـەردانیان ئەكـەن، وەك زیندانـی كاتـرازی فیدراڵـی لـە سانفرانسیسـكۆ كـە یەكێـك بـوو لـە بەناوبانگتریـن زیندانەكانـی جیهـان لـە دوورگـەی كاتـراز لـە ویلایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمریـكا، لـە ئێسـتادا گـۆڕاوە بـۆ ناوەندێكـی گەشـتیاریی تاریـك كـە چێشـتخانەو هۆتێـل و كافتریـای تێدایـە.

٣. گرنگیی فێرکردن: فێربوون بە یەکێك لە گرنگترین پاڵنەرەکانی کردنی «گەشتوگوزاریی تاریك» دائەنرێت، لە ڕێگەی ئەم جۆرەی گەشتوگوزارەوە گەشتیار فێری زانست ئەبێت و ئاستی رۆشنبیریی بەرزئەبێتەوە، لە دیارترین ئەو وانانەی گەشتیار لەکاتی سەردانکردنی ئەم ناوچانەدا فێری ئەبێت، بریتییە لە پارێزگاریکردن لە نەوەی داهاتوو و هاوسۆز بوون لەگەڵ ئەوانەی کە لەو شوێنەدا لەناوچوون.

٤. گرنگیی مێژوویی: «گەشتوگوزاریی تاریك» بریتییە لە تیشك خستنە سەر بەشێك لەو نادادیی و ستەمانەی لە رابردوودا روویانداوە، روخساری راستەقینەی ژیانی ئەو سەردەمانەمان وەکو خۆی بۆ ئەگێرێتەوە، پەنجەرەیەك بەسەر ئەو ستەم تاریکییانەی مێژوودا ئەکاتەوە و یارمەتی گەشتیاران ئەدات باشتر لە رابردوو تێبگەن (رشید و اخرون، ٢٠٢٣، ٢٨٢).

## چوارەم: پۆلێنکردنی «گەشتوگوزاریی تاریك» :

ئەتوانین «گەشتوگوزاریی تاریك» بۆ چەند جۆرێك پۆلێن بکەین ئەوانیش:

١. **گەشتوگوزاریی جەنگ:** بریتییە لەسەردانکردنی گۆرەپانیی جەنگەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیارییەکانی تایبەت بەو پێکدادانانەی کە لە ناوچەکەدا روویانداوە.

٢. **گەشتوگوزاریی کارەسات:** ئەمیش خۆی ئەبینێتەوە لەسەردانکردنی ئەو ناوچانەی کارەساتی سرووشتیی یان مرۆیی تیایاندا روویداوە.

٣. **گەشتوگوزاریی زیندان:** بریتییە لە سەردانکردنی ئەو زیندانانەی کە ناوبانگیان هەبووە لە سزادان و کوشتنی زیندانییەکاندا، لە ئێستادا بوونەتە مۆزەخانە و شوێنی پێشوازیکردن لە گەشتیاران، وەك زیندانی لەندەن.

٤. **گەشتوگوزاریی گۆرستان:** بریتییە لە سەردانکردنی گۆڕی ئەو کەسانەی کە بە ناڕەوا و بە شێوازی سەیروسەمەرە کوژراون.

٥. **گەشتوگوزاریی شوێنە ترسناکەکان:** بریتیە لە سەردانکردنی ئەو ناوچانەی کە ترسناکن و بەناوبانگن بە هەبوونی جنۆکە و رۆحەکان، وەك بورجی لەندەن کە چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لەبارەیەوە گێڕراوەتەوە.(Fonseca and Serba, 2016) .

٦. **گەشتوگوزاریی چەکی ناوکیی (ئەتۆم):** یەکێکە لە بەناوبانگترین جۆرەکانی گەشتوگوزار لە جیهاندا، بریتییە لە گرنگپێدانی هەندێك لە گەشتیاران بە سەردانکردنی مۆزەخانەی چەك و جبەخانەی ئەتۆمیی و ئەو ناوچانەی پەرە بەچەکی ئەتۆم ئەدرێت تیایاندا لەگەڵ سەردانکردنی ئەو ناوچانەی بەم جۆرە چەکانە وێرانکراون، بۆ نموونە سەردانی مۆزەخانەی (تایتان) ی تایبەت بە کۆگاکردنی چەکی ئەتۆمیی لە ویلایەتی ئەریزۆنای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ سەردانی نیومەکسیکۆ بۆ بینینی شوێنی تاقیکردنەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی لە ئەمریکا.

٧. **گەشتوگوزاریی بەشداریکردن لە هەڵدانی یارییە ئاگرینەکان:** لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانەوە بەتایبەت ئوستراليا ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار سەردانی ئەمریکا ئەکەن بەمەبەستی ئامادەبوون لە تاقیکردنەوەی نوێترین یاریی ئاگرین، ویلایەتی هاوای و شاری لاس ڤێگاس بە ناوبانگترین شوێنی کردنی ئەم جۆرە یارییانەن، بۆ ئەم مەبەستە گۆرەپانیی تایبەتییان ئامادەکردووە (عبداللة و محمد، ٢٠٢٢، ٢٢).

٨. **گەشتوگوزاریی مادده هۆشبەرەکان:** ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە بازرگان و بەکاربەری ماددەی هۆشبەرن گەشت بۆ ئەو ناوچانە ئەکەن کە ئەتوانن بە نرخی کەم و ئازادیی زیاتر لە وڵاتی خۆیان دەستیان بە مادده هۆشبەرەکان بگات، بەناوبانگترین وڵاتی جیهان لەم بوارەدا کۆڵۆمبیایە، بەشێوەیەك گەشتیاران ئەتوانن باشترین و نوێترین جۆری ماددەی هۆشبەر بە گونجاوترین نرخ و ئاسانترین رێگا بەدەستبهێنن، زۆرترین ئەو گەشتیارانەی بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کۆڵۆمبیا ئەکەن گەشتیارە ئوسترالییەکانن، لەبری ئەوەی لە وڵاتی خۆیان هەزاران دۆلار بۆ ئەم مەبەستە خەرج بکەن، لەسەر شەقامەکانی کۆڵۆمبیا بەچەند دۆلارێك ئەیکڕن (شوقي،،سبتمبر ٢٠٢٠).

سەرەرای ئەم جۆرانەی «گەشتوگوزاریی تاریك» چەندین جۆر چالاکیی تر هەیە ئەتوانرێت لەچوارچێوەی «گەشتوگوزاریی تاریك» پۆلێن بکرێن، وەك گەشتوگوزاریی (سیخوڕییکردن، دروستکردنی ئاژاوە، سەردانی مۆنۆمێنتی قوربانییان.....هتد).

## پێنجەم: هەندێك لە بەناوبانگترین شوێنەکانی ئەنجامدانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە جیهاندا:

١. **دارستانی ئۆکیگاهارا لە ژاپۆن** (دارستانی خۆکوشتن): هەندێکجار بە دەریای درەختەکانیش ناوئەبرێت، ئەکەوێتە نزیك چیای فوجیی، بەیەکێك لە بەناوبانگترین شوێنەکانی خۆکوشتن دائەنرێت لە جیهاندا، تا ئێستا ساڵانە تێکرا ١٠٠ حاڵەتی خۆکوشتن تیایدا تۆمار ئەکرێت، لە رابردوو دا بەتایبەت لەکاتی سەرهەڵدانی برسێتیی و قات و قریی لە ژاپۆن بەتەمەنەکان ئەبرانە ناو ئەم دارستانە و بەجێ ئەهێڵران تا ئەمردن (حمدي، ٢٠٢١/١٢/١٧).

٢. **کۆشکی دراکۆلا:** ئەکەوێتە قەڵای بران Bran لە رۆمانیای کۆن، بە بارەگای دراکۆلای خوێنرێژی بەناوبانگ ناسراوە، دراکۆلا مەبەست لە پادشای رۆمانی (فلادی سێیەم)ە، لەسەدەی پازدە فەرمانڕەوایی قەڵاکەی کردووە، بە خوێنرێژ و حەزی زۆری بۆ کوشتن و شێواندنی جەستەی قەربانییەکان ناوبانگی دەرکردبوو، لە ئێستادا ساڵانە نزیکەی ٦٠٠ هەزار گەشتیار سەردانی قەڵاکە ئەکەن (البداري، ٢٠٢٢، ٢٦١-٢٦٢).

٣. **وێرانەی پۆمپی لە ئیتالیای رۆمانیی:** یەکێك بوو لە شارە کۆنەکانی ئیتالیا، ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەگەشتە ٢٠ هەزار کەس، شارەکە ئەکەوێتە نزیك کەنداوی ناپۆلیی لە دامێنی چیای فیزۆڤی بورکانیی کە ١٢٠٠ مەتر لە ئاستی رووی دەریا بەرزە، لەساڵی ٧٩ ی زایینیی بۆرکانێك تیایدا تەقییەوە و بەتەواویی شارەکە و دانیشتوانەکەی لەناوبرد، بەشێکی زۆریان بوون بە پەیکەری بەبەردبوو، بروانە وێنەی ژمارە (١)،، لە ئێستادا بە گرنگترین روخساری «گەشتوگوزاریی تاریك» لە ئیتالیادا دائەنرێت و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار سەردانی ئەکەن.(berinato, 18,july,2007) .

٤. مۆزەخانەی جینۆساید لە کەمبۆدیا: یەکێکە لە بەناوبانگترین شوێنەکانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە جیهاندا، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩ زیاتر لە ١ ملیۆن کەس لەلایەن گروپی ( الخمیر الحمر) هوە کۆمەڵکوژکران، لەوکاتەدا یەکسان بوو بە رێژەی ٢١٪ ی کۆی دانیشتوانی وڵاتەکە.



سەرچاوە : https://arabicpost.live /

وێنەی ١

بەبەردبووی مرۆڤەکانی شاری پۆمپی

٥. مۆزەخانەی ئۆشڤیتز بیرکیناو لە پۆڵندا: سەربازگەی سەرەکی جینۆسایدی نازییەکانی لێبوو، ئۆشڤیتز بیرکیناو یەکێك بوو لە گەورەترین بەندیخانەکانی ئەڵمانیای نازی لەناو پۆڵندادا کە هۆڵۆکۆستی جوولەکەی تیادا کرا، لە سەرووبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن سوپای ئەڵمانیای نازییەوە زیاتر لە ١ ملیۆن جوولەکە لەم گرتوخانەیەدا لەناوبران.

٦. شوێنی دارمانی تاوەری بازرگانیی جیهانیی لە نیۆرك: کە بوو بە هۆکاری مردنی زیاتر لە ٣ هەزار کەس، کاتێك دوو فرۆکەی خۆکوژی بازرگانیی لە ١١ سێپتێمبەری ٢٠٠١ خۆیان بە تاوەرەکەدا کێشا.

٧. کێڵگەی ئەتۆمیی چێرنۆبڵ : کە شوێنی روودانی کارەساتی ناوکییە لە ئۆکرانیا، بەهۆیەوە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس مردن یان بە تیشکی ئەتۆم کاریگەر بوون (Robinson, ٢٠١٥)..

جگە لەم شوێنانەی لە سەرەوە باسکران، لە جیهاندا چەندین ناوچەو شوێنی تر کە شوێنی روودانی کارەساتی مرۆیی و جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیی و کارەساتی سرووشتیین، بوون بە جێگەی سەرنجی ئەو گەشتیارانەی کە ئارەزووی ئەنجامدانی «گەشتوگوزاریی تاریك» ئەکەن، بۆ نموونە مۆزەخانەی هێرۆشیما بۆ ئاشتیی لە ژاپۆن کە سەرگوزەشتەی بۆمبارانکردنی شارەکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە بە چەکی ئەتۆم لەلایەن ئەمریکاوە، بەهۆیەوە هەشتا هەزار کەس راستەوخۆ مردن و ١٣٥ هەزار کەسیش تووشی ئەو نەخۆشییانە بوون کە بەهۆی بڵاوبونەوەی تیشکی ئەتۆم درووست ئەبن، مۆنۆمێنتی مۆرامبی لە رواندا، کە یادەوەریی جینۆسایدی بەکۆمەڵی کەمینەی توتسیی لەساڵی ١٩٩٤ لەلایەن زۆرینەی خەڵکی رواندا‌وە ئەگێڕێتەوە.

## باسی سێیەم : «گەشتوگوزاریی تاریک» لە شاری هەڵەبجەدا:

بەراورد بە نەتەوەکانی تر لە جیهاندا نەتەوە ژێردەستەکان زیاتر بەر شاڵاوی کوشتن و پاکتاوی رەگەزیی ئەکەون، تا ئێستا پەیماننامە و پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان کەمترین رۆڵیان بینیوە لە داکۆکیکردن لە گەلانی ژێر دەستە، چونکە هەموو بابەتەکان بە هاوکێشەی سیاسیی پێوانە ئەکرێن، کاتێك دەوڵەتێك زانیبێتی بەرژەوەندییەکانی ئەکەونە مەترسییەوە بێدەنگیی هەڵبژاردووە و چاوپۆشی لەو کارەساتانە کردووە کە روویانداوە، هەرچەندە قوربانییەکان زۆر و بێتاوانیش بن، لەم روانگەیەوە میللەتی کورد کەمترین پاڵپشتی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی هەبووە، بە بەردەوامییش لەلایەن هاوسێکانییەوە ستەمی لێ کراوە (عەبدوول، ٥).

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان ویلایەتە ئەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگاداری ئەوە بووە کە رژێمی بەعسی رووخاو خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ بووە و ئەم چەکانەیش لەلایەن وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکاوە بۆی دابین کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی عێراق هاوپەیمانی بووە ئەم بابەتەی پشتگوێ خستووە (احمد، ٢٠٢١، ٣٥).

لە ساڵی ٢٠٠٣ پەرلەمانتاری بەریتانیی تۆنی بن(Tony Bin) بە تەلەفزیۆنی BBC راگەیاندووە کە ئێمە ئەو چەکانەمان بۆ سەددام دابین کردووە، من پەرلەمانتار بووم کاتێك کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە روویداوە، لەناو هۆڵی پەرلەماندا باسەکەمان ورووژاندووە بەڵام لەسەروو خۆمانەوە ئاگاداریان کردینەوە وتیان لەم کاتەدا هیچمان پێ ناکرێت بەهۆی ئەوەی عێراق هاوپەیمانمانە (Capitalism, 2).

### یەکەم : کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە:

ئاشکرایە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق - ئێران سەرەتا لە سنوورەکانی باشووری عێراقدا هەڵگیرسا، ئێران لە بەرەی باشووردا لاواز بوو بەشێك لە هێزەکانی پەرتەوازە بوون و بەشێك لە خاکەکەی لەدەست دابوو، بۆیە بیری لەوە کردەوە لە باکووری عێراقەوە بەرەیەکی تری جەنگ بکاتەوە و هێزەکانی عێراق دابەش بکات، لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ هێرشی ئێران لە پشتی چیاکانی باڵامبۆوە بە تۆپی دوورهاوێژ و ساروخی کاتیۆشا و هێرشی زەمینیی دەستی پێ کرد، هاوکات هێزەکانی پێشمەرگەیش لەچەند قۆڵیکەوە هاتنە ناو شارەکە، لە بەرامبەردا لەرۆژی ٣/١٤ رژێمیش لەچەندین لاوە بۆردوومانی بۆسەر هەڵەبجە دەستی پێ کرد، لەم کاتەدا رژێمی بەعس چەندین لیوا و بارەگا و سەربازگەی لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵام وەکو ئەوەی نەیەوێت بەرگری لە شارەکە بکات بەرەو دەشتەکانی رۆژئاوا و شارۆچکەی سیروان پاشەکشەی کرد، لە دوای نیوەرۆی رۆژی ٣/١٥ ئێران شارەکەی کۆنترۆڵ کرد، لەم کاتەدا فرۆکەکانی رژێمی بەعس هەندێك ئاگادارییان بەسەر شارەکەدا بەردایەوە کە داوای لە دانیشتوانی شارەکە ئەکرد چۆڵی بکەن، بەڵام هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە ئەم کارەیان بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئاراستە و خێرایی با کردووە هەتا لە رێیەوە قەبارەی ئەو زیانانە بخەمڵێنن کە بەهۆی کیمیابارانکردنی شارەکەوە ئەکەوێتەوە (حاجی مشیر، ١٩٩٨، ١٣).

بەیانی رۆژی ٣/١٦ ژیان لە هەڵەبجەدا تارادەیەك ئاسایی بووەوە و بەشێك لە خەڵکی رۆشتنەوە

سەر کارەکانیان، بەڵام لە کاتژمێر ١١:٣٠ خولەك رژێمی بەعس لەرێگەی فرۆکەوە بۆمباران و کیمیابارانی شارەکە و دەروازەکانی دەستپێکرد، بەچەندین گازی خنکێنەر و بکوژی وەك ( سیانید، خەردەل، سارین، ڤی ئێکس و...هتد (V.I.S.D.Pو، دزەیی، ٢٠٠٨، ١)، لەم کاتەدا دوارۆژهکانی جەنگی عێراق - ئێران بوو، لەپێش کیمیاباران سوپای ئێران لە شارەکە کشابوونەوە، بەڵام رژێمی بەعس بەردەوامیی بە کیمیابارانی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەریدا تا لە ئاکامدا ٥ هەزار کەس بە گازی کیمیایی شەهید بوون و زیاتر لە ١٠ هەزار کەس بریندار بوون و بە دەیان کەسیش تا ئێستا بێسەروشوێنن (احمد، ٢٠٢١، ٣١).

سەرەتا کیمیابارانی گەرەکەکانی ( پیرمحمد، بەنزینخانە، کانی قووڵکە، پاشا، سەرا، شەهیدان) کرا و دواتر سەرجەم گەرەکەکانی تر و رێگە سەرەکییەکانی دەرچوون لەشاری هەڵەبجە وەك ( عەنەب، بیاوێڵە، خەرپانیی، جەلیلە، عەبابەیلێ، شنروێ، سازان، باڵامبۆ، نەورۆڵی، گوڵان، رێگای هاوار، بیارە، ئەحمەد ئاوا و چەمی زەڵم) ی گرتەوە و دواتریش تا ناو سنورەکانی ئێران بۆردومان کرا (گوڵپی، ٢٠١٧، ٤١)، بروانە نەخشەی ژمارە (٣).

نەخشەی ٣

شوێنی کەوتنی بۆمبە کیمیاییەکان و پەناگەو دەروازەکانی دەرچوون لەشاری هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨ دا

سەرچاوە: https://halabjamemorial.org/ku

لەگەڵ بەردەوامیی کیمیابارانی شارەکە سەرجەم بینا و شەقام و باڵەخانەکان بەرکەوتن، ژێرزەمینەکان و سەرشەقامەکان و ناو ماڵ و باڵەخانە رووخاوەکان و سەر رێگاکانی دەرەوەی شار پربوون لە جەستەی بێنازی




قوربانییانی ژن و منداڵ و گەنج و پیری بێتاوانی شارەکە (Dizaye, 2012, 27)، وێنەی ژمارە (٢)، ئەم هێرشانە بە

فەرمانی تایبەتیی علی حسن مجید وەزیری بەرگری ئەو کاتەی رژێمی بەعس کە لە دواتردا بە علی کیمیاویی ناسرا کران، دواتر لە ٢٠١٠ /١/١٧ دا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا (مجلس قضاء الاعلی،٢/ج٢٠٠٨/٢، ٢٠١٠).

ئەو گازانەی کە رژێمی بەعس لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا بەکاریهێناون:

١. گازی فۆزجین: گازێکی خنکێنەرە و بۆنی گژو گیا و سەوزەی تەڕی لێ دێت، ماوەی کارتێکردنی خێرایە، هەندێك نیشانە لە قوربانییەکانیدا درووست ئەکات، وەك (کۆکە، رشانەوە، ژانەسەر، هەناسە توندیی، سوتانەوەی بۆریی هەناسە).
٢. گازی سیانید – کلۆراید: گازێکی وشکە و بۆنی سیری لێ دێت، کارتێکردنی درێژخایەنە، لە نیشانەی قوربانییەکانی( ژانە سەر و گێژ بوون، زیادبوونیی لێدانی دڵ، سووربوونەوەی روومەت و لێوەکان).
٣. گازی خەردەل: ئەم گازەیش وشکە وبۆنی سیری لێ دێت، لە پاش دوو کاتژمێر رەنگی پێست سوور هەڵئەگەڕێت، لەدوای دوو رۆژ ئەبێت بە بڵقی پر لە ئاو و دواتر ئەبێت بە برین.
٤. گازی سارین: گازێکی شلە و بۆنی میوەی لێ دێت، کاریگەریی لەسەر قوربانییەکان لە درێژمەودادا دەرئەکەوێت، لە گرنگترین نیشانەکانی بەرکەوتووان بەم گازە( دەردانی لیك و ئاو و خوێن لە دەم و چاو و لوت و گوێ، ژانەسەری توند، رشانەوە، میزکردنی نەویستراو، ئەبڵەقبوونی چاوەکان) (تۆفیق، ٢٠٠٠، ١٧).

لەگەڵ ئەوەی رژێمی بەعسی رووخاو تاوانباری سەرەکیی کردنی جینۆسایدی هەڵەبجەیە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێتاوان نین، بەشێوەیەك رژێمی بەعس چەکی کۆکوژ و ماددەی خاوی ئەم چەکانەی لە ١٩٥ کۆمپانیای ١٨ وڵات کڕییوە، بروانە شێوەی ژمارە (٣).



وێنەی ٢

چەند شەهیدێکی کیمیابارانی هەڵەبجە




سەرچاوە : دەزگای شەهیدانی هەڵەبجە،،مۆنۆمێنتی شەهیدان، ئەلبومی یادەوەریی قوربانییانی کیمیابارانی ١٩٨٨.

شێوەی ٣

ئەو لایەنانەی چەکی کیمیاوییان بە عێراق فرۆشتووە

سـەرچاوە: توێژەربەپشتبەسـتن بـە، جەبـار محمـد، (٢٠٢١)، هەڵەبجـە کاریگـەری و لێکەوتەکانـی چەکـی کیمیایـی، ژوری توێژینەوەکانـی بزوتنـەوەی گـۆڕان، سـلێمانی، ل ٣٢.

کاتێك سەیری داتاکانی شێوەی ژمارە ٣ ئەکەین ئەبینین:

١. ژمـارەی ئـەو کۆمپانییـا ئەڵمانییانـەی چەکـی کیمیاویـی و کەرەسـتەی خـاوی ئـەم چەکانەیـان بـە عێـراق فرۆشـتووە بەتەنهـا ڕێـژەی ٤٢٪ ی سـەرجەم کۆمپانییـاکان پێکدێنـن.
٢. ڕێـژەی ٨٤٪ ی سـەرجەم کۆمپانییـاکان لەلایـەن ئەمریـکا و شـەش وڵاتـی ئەورووپـاوە خاوەندارێتیـی ئەکـران، لـە کاتێکـدا ئـەم وڵاتانـە بانگەشـەیان بـۆ پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ ئەکـرد.
٣. لەکـۆی ١٩٥ کۆمپانییـا ١٧٢ یـان کۆمپانییـای وڵاتانـی ئەورووپـا بـوون، ١٤ کۆمپانییـا لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و ٦ کۆمپانییـا لـە ئەمریـکای لاتییـن و ٢ لـە ئاسـیا و ١ کۆمپانییـا لـە ئەفریقـا کـە میسریـی بـوو.

لـەدوای کارەسـاتی کیمیابارانـی هەڵەبجـە ئەڵمانیـا لـە ناوخـۆ و دەرەوەیـش ڕووبـەڕووی هەڵوێسـتێکی شـەرمەزارکەر بوویـەوە، بەهـۆی ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە کۆمپانییـا ئەڵمانییـەکان دەسـتیان هەبـووە لـە دابینکردنـی کەرەسـتەی خـاوی دروسـتکردنی چەکـی کیمیاویـی وەك (Tabum, Phosgen, Yperit, Blausaure) بـۆ ڕژێمـی بەعـس، لەگەڵیشـیدا کۆمپانیـاکان شـێوازی بەکارهێنانـی ئـەم گازانەیـان فێـری عێراقییـەکان کـرد، بەشـێکی زۆری ئـەم کۆمپانییایانـە بەهەمـان شـێوەی عێـراق کەرەسـتەی دروستکردنی چەکـی کیمیاییـان بـە ئێرانیـش فرۆشـتبوو (V.I.S.D.P و دزەیـی، ٢٠٠٨، ١).

## دووەم: مۆنۆمێنتی شەهیدان:

مۆنۆمێنتی شـەهیدان بـووە بـە ناسـنامەی شارێکی غەدرلێکراو، کـە چیرۆکـی کوشـتن و سـوتان و بریندابوون و ئاوارەبوونـی خەڵکـی ناوچەکـە و کوردسـتانمان بـۆ ئەگێڕێتـەوە، ئاوێنـەی شـیکەرەوەی ئـەو جینۆسـایدەیە بەرامبـەر بـە هاوڵاتییانـی شـارەکە و ناوچەکانـی دەوروبـەری لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـی رووخـاوەوە کـراوە.

بیرۆکـەی دروسـتکردنی مۆنۆمێنتـی شـەهیدان لـەدوای راپەرینـی سـاڵی ١٩٩١ سـەریهەڵدا، کاتێـك شـارەکە لەلایـەن دانیشـتوانە رزگاربووەکـەی ئاوەدانکرایـەوە، نوێنـەری وڵاتـان و وەفـدە دیبلۆماسـییەکان بـۆ لەنزیکـەوە ئاگاداربـوون لـە کارەسـاتەکە سـەردانی شارەکەیان ئەکـرد، لـەو کاتـەدا بەرێـز مـام جـەلال پێشـنیاری درووسـتکردنی سـمبوولی شـەهیدانی کـرد و دکتـۆر بەرهـەم سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی راسـپارد بـە درووسـتکردنی، لـە کانونـی دووەمـی ٢٠٠١ دیزاینـی مۆنۆمێنتەکـە لەلایـەن ئەندازیـار جەمـال بەکـر قەسابەوە تەواوکـرا و دروسـتکردنی مۆنۆمێنتەکـە چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە، لـە ٢٠٠٣/٩/١٥ مۆنۆمێنتـی شـەهیدانی هەڵەبجـە بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە کـەس و کاری شـەهیدان و بەرپرسـانی بـاڵا بەتایبـەت بەرێـز مـام جـەلال و بەرێـز مسـعود بەرزانـی و کۆڵـن پـاوڵ وەزیـری دەرەوەی ئەوکاتـەی ئەمریکا و پـۆڵ بریمـەر حاکمـی مەدەنیـی عێـراق و چەندیـن کەسـایەتی تـر کرایـەوە (هەورامـی، ١٠مایـس/٢٠١٨)، بروانـە وێنـەی ژمـارە (٣).




سەرچاوە: سەردانی مەیدانیی بۆ مۆنۆمێنتی شەهیدان،٢٠٢٤/٨/١١.

وێنەی ٣

کردنەوەی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە ٢٠٠٣/٩/١٥

دیزاینـی مۆنۆمێنتەکـە بەشـێوەیەکە لەسـەر شـێوازی بازنەیەکـی پچرپچـر درووسـتکراوە کـە ئاماژەیـە بـۆ دابـران و بەدینەهاتنـی ئاواتـی شـەهیدانی کیمیابارانـی شـارەکە، بوونـی چەندیـن گومـەزی خـر کـە لەشـێوەی نیـوە گۆیەکـدان و رووپۆشـی سـەقفی مۆنۆمێنتەکەیـان پێکهێنـاوە ئامـاژەن بـۆ بڵقـی سـەر برینـی جەسـتەی قوربانییـان و دووکەڵـی بەرزبـووەوەی بۆمبـە کیمیاوییـەکان، لـە بەشـی سـەرەوەی گومەزەکـەدا ٤ دەسـت ئەبینرێـت کـە یەکیـان گرتـووە مەبەسـت لـە هـەر چوارپارچـەی کوردسـتانە، لـە نـاو ئـەم دەسـتانەدا گۆیەکـی روون ئەبینرێـت کـە ئامـاژەی هەڵهاتنـی خـۆری نوێـی ئـازادی گەلـی کـوردە (گۆمـەلاری، ٢٠١٩، ٢٩).

## مۆنۆمێنتەکە پێکهاتووە لە:

١. هۆڵی مێژووی هەڵەبجە: لەم هۆڵەدا وێنە دێرینەکانی هەڵەبجە لە پێش کارەساتی کیمیاباران نمایشکراون، ئەم وێنانە چاوی بینەر ئەبەنە سەر دنیای جوانیی و شیعرو شانۆ و گۆرانیی و پێشکەوتنی لایەنی رۆشنبیریی و ئەدەب و هونەر و ژیانکردن لە ناوچەکەدا.

٢. هۆڵی مەرگەسات: لەم هۆڵەدا چەندین دیمەنی ناخهەژێنی هاوڵاتییانی بێتاوانی شاری هەڵەبجە لەکاتی کیمیابارانکردنی شارەکە لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی رژێمی بەعسەوە نمایشکراون، ئەبینین باوك کۆرپەکەی لەباوەش کردووە تا لەمەرگ رزگاری بکات، بێ ئاگا لەوەی هەردووکیان و تەواوی خەڵك لە دەوروپشتیان ئەبن بە قوربانی، ئەم دیمەنانە هێندە غەمگین و ناخهەژێنن بەبێ گەرانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی تر بینەر ئەباتە ناو ئاپۆرای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، بروانە وێنەی ژمارە (٤).



سەرچاوە : ئەم وێنەیە لە رۆژی ٢٠٢٤/٨/١١ لەلایەن توێژەرەوە لە ناو هۆڵی مەرگەساتدا گیراوە.
وێنەی ٤

وێنەی شەهید (عمر حمە ساڵح) ناسراو بە عمری خاوەر و نەوەکەی

٣. هۆڵی دڵی هەڵەبجە: ناوی سەرجەم شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر دیواری ئەم هۆڵەدا نوسراوە، ناوی هەر خێزان و خانەوادەیەك بە دوو هێڵ لە ناوی شەهیدانی تر جیاکراوەتەوە، هەر لەم هۆڵەدا هەندێك ناو بەرەنگی سوور نووسراون، کە مەبەست لەو منداڵانەیە لە خێزانەکانیان دابراون و تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، چەند ناوێکیش بە چوارچێوەی سەوز دەورەدراون، ئەمیش مەبەست لە ناوی ئەو منداڵانەیە کە لە ساڵانی دوای کارەساتەکەدا دۆزراونەتەوە، لەبەشی سەرەوەی هۆڵەکەدا ئاڵای کوردستان بەشێوەی قەوانێك هاتووەتە خوارەوە وەکو ئاماژەیەك بۆ کفنی بەری سەرجەم قوربانییان،

بەهۆی ئەوەی کفن بە نسیبیان نەبوو، زۆرینەیان بەبێ کفن و لە گۆری بەکۆمەڵدا نێژراون، کۆی مۆنۆمێنتەکە لەسەر ١٦ راگر (پایە) وەستاوە کە مەبەست لەرۆژی کیمیابارانی شارەکەیە، لەناو هۆڵی دڵی هەڵەبجەدا ستەیجێکی لێیە تیرەکەی ٣ مەترە و مەبەست لە مانگی ئازارە، هەروەها بەرزیی مۆنۆمێنتەکە لە زەوییەوە تا بەشی سەرەوەی گومەزەکەی ١٩,٨٨ مەترە کە مەبەست لە ساڵی رووداني کارەساتەکەیە (سعید، ٢٠١٩، ٢٧).

٤. هۆڵی بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق: لەم هۆڵەدا بەڵگەنامەکانی سەلماندنی تاوانەکانی رژێمی بەعس بەرامبەر شاری هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان بەرچاو ئەکەوێت، سەرجەمیان لەلایەن پارێزەران (بکر حمە سدیق و گۆران ئەدهەم) کە لە بەغداد پارێزەری کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە بوون هێنراونەتەوە.

٥. هۆڵی ئەرشیفی کەل و پەلی بەجێماوی شەهیدان: لەم هۆڵەدا گەشتیاران ئەتوانن چاویان بەو تاکە یادگارییانە بکەوێت کە لەلایەن قوربانییانەوە بەجێماون، کە تەنها یادگاریی بوون بۆ ماڵ و کەس و کاری شەهیدان، لە هەوڵێکدا لە ساڵی ٢٠١٤ کۆکرانەوە و لەم هۆڵەدا نمایشکران.

٦. هۆڵی خاوەر: ئەم هۆڵە وەکو رێزلێنان لە دایکی شەهید عمری خاوەر لە ژێر مۆنۆمێنتەکەدا درووستکراوە، زیاتر لە ٢٣٠ کورسی تێدایە، ئەو بۆنانەی تایبەتن بە شەهیدانی کیمیاباران لە ناو ئەم هۆڵەدا ئەکرێن، سەرەرای ئەوەی رێکخراوەکانی شارەکە ئەتوانن سوود لەم هۆڵە وەربگرن.

٧. کافتریا و شوێنی میوانداری: بەکاردێت بۆ شوێنی پشوودانی فەرمانبەرانی مۆنۆمێنت و چاخواردنەوەی بەشێك لەو وەفد و میوانانەی لە دەرەوە سەردانی مۆنۆمێنتەکە ئەکەن.

٨. باخچەی مۆنۆمێنت و کارە هونەرییەکانی ناوی: لەناو ئەم باخچەیەدا ژمارەیەك وێنە و پەیکەر بەدی ئەکرێت، کە هەریەکەیان بەشێك لە ئازاری کارەساتی کیمیبارانی هەڵەبجە ئەگێرنەوە، بەهۆی ئەوەی وێنەی عمری خاوەر هەر زوو بە میدیاکانی جیهاندا بڵاوبوویەوە و دیمەنێکی تراژیدی ناخهەژێنی هەیە، ئەم وێنەیە کراوە بە پەیکەر و لە بەشێکی باخچەکەدا نمایشکراوە، سەردانکەران و گەشتیاران ئەتوانن ببینن، پەیکەرێکی تری هاوشێوە لە ناو شاری هەڵەبجەدا و یەکێکی تریش لە ناو باخچەی دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە لاهای لە هۆڵەندا نمایشکراوە (عطیة، ٢٠٠٥، ٣٤٢).



سەرچاوە : دەزگای شەهیدانی هەڵەبجە،مۆنۆمێنتی شەهیدان، ئەلبومی یادەوەری قوربانییانی کیمیابارانی ١٩٨٨.

وێنەی ٥

وێنەی ئەو ئۆتۆمبێلەی بەشێوازێکی تراژیدیی چەند خێزانێك تیایدا بەگازی کیمیایی بوون بە قوربانیی

لەلایەن پەیکەرتاش بەختیار هەڵەبجەیی لە ناو باخچەکەدا پەیکەرێك بۆ شەهیدانی کارەساتی ئەنفال درووستکراوە، لە گۆشەیەکی تریدا پەیکەری نەناسراو بۆ ئەو فۆتۆگرافەر و رۆژنامەنوسانە درووستکراوە، کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە و بە زوومی کامێرا و نوکی قەڵەمەکانیان تاوانی کیمیابارانی شارەکەیان بە جیهان ناساند، لە لایەکی ترەوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب لە ژێر کەپرێکدا بەدی ئەکرێت بە ژمارەی ٥٨١٤ عێراق/ سلێمانیی، کە چیرۆکی ناخهەژێنی چەند خێزانێك ئەگێرێتەوە، کاتێك ویستویانە بەم ئۆتۆمبیلە لەشار دەربچن و خۆیان لە مردن رزگار بکەن، بەڵام پاش چەند سەد مەترێك گازی ژهراویی بە گەروویاندا ئەچێتە خوارەوە و هەر لەو شوێنەدا زۆربەیان گیانلەدەست ئەدەن، بەڵام پێنج لە سەرنشینەکانی پاش شەو و رۆژێك بە بێهۆشیی لەناو رووفاتی شەهیدەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکەدا بە زیندوویی ئەمێننەوە دواتر تیمە فریاگوزارییەکان بەهانایانەوە ئەچن، وێنەی ژمارە (٥).

لە دەروازەی مۆنۆمێنتەکەدا هەندێك جۆر لەو چەك و تانك و بۆمبانەی کە چەندین ساڵ دانیشتوانی ناوچەکەی پێ بۆردوومان ئەکران نمایشکراوە، لە ناویاندا یەکێك لەو فرۆکانەی شارەکەی بە چەکی کیمیاویی

بۆردوومان کردووە لەلایەن بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ علی پێشکەش بە ئیدارەی مۆنۆمێنتەکە کراوە (گۆمەلاری، ٢٠١٩، ٣٠-٨٩).

لە ناو مۆنۆمێنتی شەهیداندا چەندین وێنەو پەیکەر و کەرەستەی بەکارهاتووی جەنگی دژ بە قوربانییان بەرچاو ئەکەون، کە جێگەی سەرنج و بایەخی ئەو گەشتیارانەیە سەردانی ئەکەن.

بە تێپەربوونی کات ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئەم مۆنۆمێنتە ئەکەن لەزیادبووندایە، بەشێوەیەك لە نزیکەی ٦٠ هەزار گەشتیارەوە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بۆ ١٠٠ هەزار گەشتیار لە ساڵی ٢٠٢١ بەدواوە بەرزبووەتەوە، بەشێکی زۆری ئەو گەشتیارانەی سەردانی مۆنۆمێنتەکە ئەکەن ئەوانەن لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ڤیستیڤاڵی هەنار دێنە ناوچەکە، ڕۆژی یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانی شارەکە لە ٣/١٦ ی هەموو ساڵێکدا لە پلەی دووەمدا دێت لە ڕووی ژمارەی سەردانکەرانەوە، جگە لەکاتی ئەم بۆنانە بەبەردەوامی خوێندکارانی قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان و گەشتیارانی ناوخۆ و بیانیی و خوێندکارانی توێژینەوەی زانستیی لە ناوخۆ و دەرەوە و نوێنەری کۆمپانییا و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و نوێنەر و کونسوڵی ولاتانی جیهان سەردانی ئەکەن (گۆمەلاری، ٢٠٢٤/٨/١١).

ئەوگەشتیارانەی سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدان ئەکەن جگە لە کۆکردنەوەی زانیاریی و خولیای تایبەتییان بۆ بینینی دیمەنەکانی جینۆسایدی خەڵکی هەڵەبجە، ئەو وێنە و پەیکەر و دیمەنانەی کە نمایشکراون هەستی هاوسۆزیی بۆ قوربانییان درووست ئەکەن و لەروی دەروونییەوە ئەیانباتە ئەو بارودۆخەی کارەساتەکە تیایدا ڕوویداوە (عارف، ٢٠٢٤/٨/١٢).

## ئەنجام

ئەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بخەینەروو:

١. شاری هەڵەبجە کە لە ئێستادا ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەیە خاوەنی چەندین توانستی مرۆیی و سرووشتیی پەرەپێدانی «گەشتوگوزاریی تاریك»ە، بۆ نموونە بوونی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە شارەکەدا بە پاڵنەرێکی بەهێزی رووتێکردنی ئارەزوومەندانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار دائەنرێت.

٢. بوونی چەندین شوێنی گەشتیاریی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی حەوانەوە و کاتبەسەربردن یارمەتیدەر بووە بۆ سەردانییکردنی گەشتیاران بۆ مۆنۆمێنتی شەهیدان، بەهۆی ئەوەی ئەتوانرێت لە چوارچێوەی یەك «گەشت»دا چەندین چالاکیی گەشتوگوزاریی جیاواز جێ بەجێ بکرێت.

٣. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دائەنرێت لە مێژوودا، درووستکردنی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە شارەکەدا ئەتوانێت پێشوازیی لەو گەشتیارانە بکات کە ئارەزووی کردنی ئەو چالاکییانە ئەکەن کە ئەچنە چوارچێوەی «گەشتوگوزاریی تاریك»ەوە.

٤. لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی بەعسی رووخاو تاوانباری سەرەکیی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە دابینکردنی چەکی کۆکوژ و کەرەستە خاوەکانی هاوبەشی ئەم کارەساتەن.

٥. «گەشتوگوزاریی تاریك» لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە بەشێوەیەك ژمارەی

سەردانکەرانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لە نێوان ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٢ ساڵانە بە رێژەی ١٣,٦٢٪ گەشەی کردووە.

## پێشنیار

بۆ پەرەپێدانی «گەشتوگوزاریی تاریك» لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا پێویستە چەند کارێك بکرێت، لە گرنگترینیان:

١. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانستیی نوێ لە نمایشکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بۆ نموونە درووستکردنی چەندین فلیمی دۆکیۆمێنتاری تایبەت بە کارەساتەکە، وە کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە نمایشی بەڵگە فیلمەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر و ناساندنی کارەساتەکە بە جیهان.

٢. کردنەوەی دەستگایەکی راگەیاندنی سەردەمییانە تایبەت بە ناساندنی کارەساتەکە و ئەو چالاکیی و نمایشانەی لە مۆنۆمێنتەکەدا ئەکرێن.

٣. گرنگییدان بە رێبەریی گەشتیاریی و زمانە بیانییەکان، بەتایبەت زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزیی لە درووستکردنی بەڵگە فیلمەکاندا، تا لەم رێگەیەوە بتوانرێت سەرنجی گەشتیارانی بیانی رابکێشرێت.

٤. بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی گەشتیاریی بەشێوەیەکی گشتیی، بۆ نموونە گەشتیار لەوە تێبگات لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا جگە لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی ئەچنە چوارچێوەی گەشتوگوزاریی تاریکەوە ئەتوانێت بچێتە ناوچە گەشتیارییەکانی تر و لە چالاکییەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانییدا سوود لە کاتە بەتاڵەکانی وەربگرێت.

٥. وێنەی مۆنۆمێنتەکە بکرێت بە لۆگۆی پارێزگاکە، ئەم لۆگۆیە وەکو رەمزی شارەکە بخرێتە ناو بەرنامەی رێبەریی گەشتیاریی هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵیشیدا سەردانی هەڵەبجە بخرێتە ریزبەندیی گەشتە زانستییەکانی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان دا.

# إمكانيات تطوير السياحة المظلمة في حلبجة

# (النصب التذكاري لشهداء نموذجا)

## ملخص :

تطورت السياحة المظلمة كنوع جديد من السياحة في العقود الثلاثة الاخيرة، و حظيت باهتمام كبير حول العالم ، هذا النوع من السياحة يشمل رحلات الى المناطق التى شهدت احداث مأساوية، كالتطهير العرقى والإبادة الجماعية والكوارث الطبيعية والإنسانية، يعتبر الهجوم الكيميائى على مدينة حلبجة فى ١٦ مارس ١٩٨٨ من قبل نظام البعثي أنذاك، احد ابرز عمليات الابادة الجماعية المأساوية منذ الحرب العالمية الثانية حيث اسفرت عن مقتل ٥٠٠٠ شخص وإصابة ١٠٠٠٠ شخص و اختفاء العديد من الأشخاص، فأن النصب التذكاري لشهداء حلبجة يعبر عن رواية هذه المأساة التي حلت بسكان المنطقة، وتعتمد فرضية البحث على وجود أو عدم وجود أنشطة السياحة المظلمة في منطقة الدراسة، ونظراً لاحتياجات محتوى البحث فقد تم استخدام الأساليب (الوصفية والتحليلية)، تم استخدام أكثر من ٣٩ مصدراً محلياً و أجنبياً و وثائق حكومية و العديد من الخرائط و الجداول و الأشكال و الصور لتحقيق النتائج المتوقعة من الدراسة، و أخيراً، و باستخدام البيانات و المعلومات التي تم الحصول عليها من نصب الشهداء، أظهرت الدراسة أن عدد السياح الذين يزورون النصب التذكاري لشهداء

حلبجة يصل في المتوسط إلى ١٠٠ ألف سائح سنوياً، بمعدل نمو ١٣,٦٢٪ سنوياً.

**الكلمات المفتاحية: السياحة المظلمة، حلبجة، الهجوم الكيميائي، أسلحة الدمار الشامل، نصب الشهداء، التطهير العرقي.**

# Possibilities of developing dark tourism in Halabja

# (Martyrs monument for example)

## Abstract:

Dark tourism has developed as a new type of tourism in the last three decades, and has received great attention around the world. This type of tourism includes trips to areas that have witnessed tragic events, such as ethnic cleansing, genocide, natural and human disasters. The chemical attack on the city of Halabja on March 16, 1988 by the Baathist regime at the time is considered one of the most prominent tragic genocides since World War II, as it resulted in the death of 5,000 people, the injury of 10,000 people, and the disappearance of many people. The Halabja Martyrs Memorial expresses the narrative of this tragedy that befell the residents of the region. The research hypothesis is based on the presence or absence of dark tourism activities in the study area. Due to the needs of the research content, descriptive and analytical methods were used. More than 39 local and foreign sources, government documents, and many maps, tables, figures, and pictures were used to achieve the results. Expected from the study, and finally, using the data and information obtained from the Martyrs' Monument, the study showed that the number of tourists visiting the Halabja Martyrs Memorial reaches an average of 100 thousand tourists annually, with a growth rate of 13.62% annually.

**Keywords: Dark tourism, Halabja, chemical attack, weapons of mass destruction, martyrs monument, ethnic cleansing.**

## لیستی سەرچاوەکان:

1. V.I.S.D.P، و دزەیی، ناسح ابراهیم،(٢٠٠٨)، کوردستان گەورەترین هێرش بەچەکی کوشندەی کیمیایی لەدووای جەنگی یەکەمی جیهانەوە لەدژی کوردەکانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٢. احمد، جەبار، (٢٠٢١)، هەڵەبجە کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی، ژووری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران، سلێمانی.
٣. البداري، مها احمد، (٢٠١٢)، السياحة السوداء بين السلب والايجاب، دراسة تطبيقية على المقصد السياحي المصري، المجلة الدوولية للتراث والسياحة والضيافة، المجلج ١٦، العدد٢، مصر.

٤. تۆفیق، هەورامان علی، (٢٠٠٠)، هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ١٩٨٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

5. جمهورية العراق، مجلس قضاء الاعلى، رئاسة محكمة استئناف بغداد/ رصافة الاتحادية، شعبة العلاقات العامة والشؤون القانونية، رقم ٢/ج٢/٢٠٠٨، ٢٠١٠/١/١٧.

6. چاوپێکەوتن لەگەڵ سومەیە عارف، گەشتیار، 12/8/2024.

7. چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد محمد سعید گۆمەلاری، بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە، 11/8/2024.

٨. حاجی مشیر، شەوکەت، (١٩٩٨)، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەو و بەهاری ١٩٨٨،سلێمانی.

٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری هەڵەبجە، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

١٠. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، ویستگەی کەشناسی هەڵەبجە، ٢٠١٠-.٢٠٢٢

١١. حمدي، هناء، (٢٠٢١)، اكيجاهارا- غابة الانتجار اليابانية و لغز اختفاء البشر، جريدة الاخبار، ٢٠٢١/١٢/١٧. www.akhbarelyoum.com accessed on 3/8/2022

١٢. حمە صدیق، بکر، (٢٠٠٧)، لاپەرەیەك لە مێژوووی هەڵەبجە، چاپی دوو هم، چاپەمەنی گەنج، هەڵەبجە.

١٣. حمە علی، هەردی عبدالرحمن،( ٢٠٢٣)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی (تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئایینی) لەشاری هەڵەبجە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

١٤. خطاب، نياز عبدالعزيز، السياحة المظلمة امكانات تنميتها و اهميتها، مجلة جامعة السليمانية، قسم B للدراسات الانسانية، تشرين الاول، 2018.

١٥. رشيد، شيروان عمر و اخرون، امكانات السياحة المظلمة و سبل تنميتها في اقليم كوردستان العراق، مجلة بولتكنيك للعلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد ٤، العدد ٢، اكتوبر ٢٠٢٣.

١٦. سامی، شەمسەدیین، (٢٠١٠)، کوردوو کوردستان: ئینسکلۆپیدیای کورد لە مێژوودا، و، احمد تاقانە، چاپی دوو هم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٧. شوقي، رنا، (٢٠٢٠)، اغرب انواع السياحة في العالم، موقع الرحالة، سبتمبر.

١٨. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٨/١١.

١٩. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٨/١٢.

٢٠. عبدالله، علي ثابت و محمد،ايهم سعادة، (٢٠٢٢)، السياحة السوداء والتسويق لها في تنشيط القطاع السياحي في الازمات ( دراسة حالة جمهورية العربية السوورية)، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الادارة الاعمال، جامعة المنارة.

21. عطية، اياد، (2005)، 16 ازار تاريخ ذبح حلبجة وانبعاثها باجتماع الجمعية الوطنية، جريدة تحقيقات، العدد 342.

٢٢. عەبدوول، عومەر، کارەساتی هەڵەبجە و میدیاکانی ڕۆژئاوا، و. حسین محمود

٢٣. قاسي، نجاة،(٢٠١٩)، السياحة المظلمة مقاربة مفاهمية، مجلة الاجتهاد القضائي، المجلد ١٢، العدد ١، الجزائر.
٢٤. گوڵپی، ناجیح، (٢٠١٧)، پانۆرامای چەکی کیمیایی لە کوردستان، گروپی کۆمپانییاکانی هەڵەبجە.
٢٥. گۆمەلاری، محمد محمد سعید، ٢٠١٩،)، مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە پێناسەیەك بۆ جینۆساید، چاپی یەکەم.
٢٦. مارف، شەماڵ علی، کاریگەریی توانستە گەشتوگوزارییەکان لەسەر گەشەی ئابوریی لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.
٢٧. هەورامانی، ڕێباز حمەغریب، (٢٠١٧)، جوگرافیای هەورامان و دەرامەتە ئاوییەکانی،چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی،سلێمانی.
٢٨. هەورامی، جەبار،کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ١٠/مایس / ١٠١٨ لەسەر ماڵپەری www.rojnews.news.

29. Asabi, Tariq Mohammed, promotion of dark tourism in Egypt between reality and challenges, applying to Ismailia governorate, volume 15, no 2.

30. Berinato, Scott, (2007), crowed control in ancient Pompeii, CSO, 30/9/2012.

31. Capitalism, the case against. www.bbc.co.uk/Hi/programs hard talk.

32. Dizaye, kawa, (2012), victims of the long term effects of chemical weapons on health in Kurdistan of Iraq, middle east journal of internal medicine, volume 5, issue 4

33. Fonseca.A.P and Searba.C.silva.C, (2016), Dark tourism concepts typologies and sites, journal in tourism research and hospitality, (online).0(2), accessed, February/6/2020.

34. https://arabicpost.live/

35. Jim, Kalafus,(2006), morro castle, Mohawk and the end of the word line, july,20, online (garemaritime.com).

36. Juranovic.N. Silver and I Kovicic.S, (2020), Dark tourism in the EUI are we aware of taking part in it, faculty of economics and tourism, university Jurage of Dobrile in Pula, Croatia.

37. Lennon.J. (2017), dark tourism, oxford research encyclopedia of criminology and criminal justice, research online citation for published version (Harvard), England.

38. Michalcikova.M. (2014), dark tourism, faculty of economics department, technical university Ostrava.

39. Robinson.N, (2015), dark tourism motivations an investigation in to the motivations of visitors to sites associated with dark tourism, university of Sal ford, college of business and low, pro quest dissertations publishing, united kingdom.

40. Smolikovaplzen.P. (2018), Marketing communications in dark tourism, university of west bohemia in pilsen, faculty of economics, Czech Republic.

41. https://halabjamemorial.org/ku.